سەرکێشترین وملهوڕترینی خەڵکی لای خوای گەورە -عز وجل- کەسێکە (یەکێکی تر) بکوژێت لە حەرەمی پیرۆزی خوای گەورە، یان یەکێکی تری بکوژێت جگە لە بکوژە ڕاستەقینەکە، یان کەسێک بکوژێت بەهۆی دوژمنایەتی نەفامیەوە

لە عەمرو کوڕی شوعەیب، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە، کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سەرکێشترین وملهوڕترینی خەڵکی لای خوای گەورە -عز وجل- کەسێکە (یەکێکی تر) بکوژێت لە حەرەمی پیرۆزی خوای گەورە (لە حەرەمی مەککەدا)، یان یەکێکی تری بکوژێت جگە لە بکوژە (ڕاستەقینەکە)، یان کەسێک بکوژێت بەهۆی دوژمنایەتی نەفامیەوە (جاهیلیەوە)».

[حەسەنە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە - بوخاری گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرمووەکە: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە سەرکێشترین وملهوڕترینی خەڵکی لای خوای گەورە -عز وجل- سێ کۆمەڵن لە خەڵکی: 1- کەسێکە (یەکێکی تر) بکوژێت کە خوێن پارێزراوە وحەرامە هێرشکردنە سەری لە حەرەمی پیرۆزی خوای گەورە؛ مەبەست لە مەککەیە، چونکە کوشتنی نەفسێک کە خوای گەورە حەرامی کردووە بکوژرێت لە گەورەترینی تاوانەکانە لە پاش هاوەڵ بڕیارەدان بۆ خوای گەورە، وتاوانێکی گەورەترە ئەگەر لە حەرەمی پیرۆزی خودا لە مەککە ئەم تاوانە بکرێت؛ خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ} [الحج: 25] واتە: {وەهەرکەسێک بیەوێت لەوێ (لە مزگەوتی حەرام) مەیلی لە هەق لادان وزوڵم وستەم بکات پێی دەچێژین سزای ئازاردەر}، وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إن دماءكم، وأعراضكم، وأموالكم عليكم حرام، كحرمة شهركم هذا، في بلدكم هذا) [رواه مسلم] واتە: (خوێنتان، وشەرەفتان -کەسایەتی وناوبانگتان-، ومـاڵ وسامانتان؛حەرامن لەسەر یەکتر، وەکو حەرامبوونی ئەم مانگەتان، لە ئەم شارەتاندا). 2- کەسێک یەکێکی تری بکوژێت جگە لە بکوژە ڕاستەقینەکە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {ولا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أخرى} [الأنعام: 164] واتە: {و هەرکەسێک هەر گوناهـ وخراپەیەک بکات تەنها لەسەر خۆیەتی وهیچ کەسێکی گوناهکار گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێت}، ئەمیش بەوە دەبێت کەسێکی تر بکوژێت جگە لە بکوژی ڕاستەقینە، یان کەسێکی تر لەگەڵیدا بکوژێت، لە شەریعەتدا تۆڵەسەندەوە (القصاص) فەرمانڕەوا (حاکمی شەرعی) جێبەجێی دەکات ونابێت تاکەکان سنوورە شەرعییەکان (حەددەکان) جێبەجێ بکەن. 3- کەسێک یەکێکی تر بکوژێت بەهۆی دوژمنایەتی نەفامیەوە (جاهیلیەوە) کە ئاینی ئیسلام هاتووە ئەو جۆرە نەفامی وجاهیلیەی لەناوبردووە وپوچەڵی کردووەتەوە. بۆیە زیادەڕەوی کردن لە کوشتن بەهۆی ئەم سێ حاڵەتەوە نەرێتێکی نەفامی وجاهیلی بوو لە پێش ئیسلامدا؛ خوای گەورە نەهی لێکرد وحەرامیانی کرد، بەڵام زانایان دەڵێن ئەم حاڵەتانە ناگرێتەوە: ئەگەر کەسێک یەکێکی تر بکوژێت بەهۆی بەرگری کردنی لە نەفسی خۆی؛ ئەگەر بە کوشتن نەبێت ڕزگاری نابێت، یان کەسێک تاوانێک بکات لە حەرەمی پیرۆزی مەککەدا کە کوشتنی حەڵاڵ دەکات بۆیە لێرەدا کوشتنی حەڵاڵ دەبێت وەکو تۆڵەسەندنەوە (القصاص) بە کوشتنی کەسێک یەکێکی تری بەئەنقەست کوشتبێت، بۆئەوەی حەرەمی پیرۆزی مەککە نەبێتە شوێنێک تاوانبارانی تێدا پارێزراو بێت.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee